# ئایا مەلا بەختیار تیرۆریستە؟

**حەمە سەعید حەسەن**

ئەرکی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە دەخەمە سەر شانی ویژدانی ئێوە و من تەنیا بە تیشکی هەندێ زانیاری بەرچاوتان ڕووناک دەکەمەوە و هیچی تر.

(١) شەڕی براکوژی کە ئێمە بە تاوانی دەزانین، لای مەلا بەختیار مێژوویەکی پرشنگدارە و جێگەی شانازییە، ئەوەتا کە باسی شەڕی نێوان خۆیان و حسک دەکا، دەڵێ: (دوو مەیتمان لێ خستن و قووچاندیان.)(١) یان دەنووسێ: (هێزێکی هاوبەش بە سەرکردایەتی خۆم بۆ تەفروتونا کردنی حسک پێک هێنرا.)(٢)

(٢) جەمالی عەلی باپیر بە فەرمانی مەلا بەختیار ١٩٨١/٨/٢٠ لەو دیو دێوجامەی سەردانی دۆستانەوە، بۆکوشتنی شێرکۆی شێخ عەلی دەچێت و لە ئەنجامدا (دە) پێشمەرگە، پێنج لە یەنک و پێنج لە حسک شەهید دەبن. (٣) مەلا بەختیار بە پێمیمەکانی گوتبوو، هەر کە جەمال گوتی: شوێنەکەیان زۆر خۆشە، ئێوە یەکسەر شێرکۆ و چەکدارەکانی قەلاچۆ بکەن.

(٣) مەلا بەختیار ١٩٨٧/٧/٢٨ لە ئەوبەری سیروان، لە گوندی کانیی ژەنان بە پێشمەرگەکانی خۆی دەڵێ: بچن ئەو چەکدارانەی قیادە موەقەتە چەک بکەن، ئەگەر چەکیان دانەنا، بیانکوژن! ئەوە درامایە بە کوشتنی شەش پێمیمی قیادە موەقەتە کە جەماعەتی قادری حەمەساڵح بوون و بە شکانی هەردوو لاقی حەمە ئاواتی کادیری کۆمەڵە کۆتایی هات.

(٤) محەمەدی حاجی مەحموود دەنووسێ: (مەلا بەختیار کە باوەڕی بە تەسفییەی جەسەدی هەبوو، لە سنووری دەسەلاتیدا ساڵانی ١٩٧٧ -١٩٧٨ زیتر لە ٩٧ کەس بێ مەحکەمە کوژران.)(٤)

(٥) مەلا بەختیار دەنووسێ: (١٩٧٧/١٢/١٢ لە کانی سوور پێنج پێشمەرگەم نارد و گوتم بچن چەکدارەکانی قیادە موەقەتە چەک بکەن، ئەگەر ویستیان دەست بکەنەوە لێیان بدەن.) ئێدی پێمیمەکانی مەلا بەختیار سێ پێشمەرگەی قیادە، کە یەکێکیان مەجید هەیبە دەبێ دەکوژن.(٥)

(٦) سەعید کاکە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: (پێمیمێکی یەنک بە مەلا بەختیار دەڵێ: ئاخر ئەگەر پێمیمەکانی قیادە موەقەتە بکوژین، پێمیمێکی خۆشمان لەگەڵیاندا دانیشتووە، بەر دەکەوێ. مەلا بەختیار دەڵێ: قەیناکا، با ئەویش بکوژرێت.)(٦)

(٧) مەلا بەختیار لە دووەمین ڤستیڤالی ئەدەبی گەلاوێژدا کە لە نێوان ١٢ تا ١٩٩٧/١١/١٩ دا لە سلێمانی ساز کرا، گوتبووی : ( ئێمە چەکدارێکی بنەماڵەی بارزانی کە ڕەنگە چەواشە کرابێ، بە ناوی خائینەوە دەکوژین، نووسەرێک کە لێرەوە قەڵەمەکەی دەبا بۆ هەولێر و بە سیبقی ئیسراری سەقافی خۆیەوە بەرهەم بۆ ئەو بنەماڵەیە بلاو دەکاتەوە، دیارە کە چەند لەو چەکدارە هەڵخەڵەتاوە خائینترە.) (٧)

ئایا ئەم گوتەیەی مەلا بەختیار کە چەندان جار لە تیڤی و ڕادیۆی یەکێتیی نیشتمانییەوە، بەلاو کرایەوە، فەتوای حەلاڵکردنی خوێنی نووسەران نییە؟

(٨) چەندان کورد کە لە ئەورووپا وەک پەنابەر دالدە دراون، لە تاو گوشاری مەلا بەختیار هەلاتوون، لەوانە:

- زەردەشت محەمەد فەریق کە سەرەتای دیسەمبەری ١٩٩٧ لە کۆڕێکی مەلا بەختیاردا سووکە ڕەخنەیەکی گرتبوو، لەسەر ئەوە هەر هەمان ئێوارە لە زیندانی ئاسایشی یەنک توند کرا، شەش ڕۆژ ئەشکەنجە درا و هەر لەبەر ئەو گرتن و ئەشکەنجەدانەش لە دانمارک بە پەنابەر وەرگیرا.
- هەر لە سۆنگەی زەبروزەنگی  مەلا بەختیارەوە، محەمەد فەریق حەسەنی چیرۆکنووس، دوای ئەوەی پیاوانی مەلا شەوی ٣/٤ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ نارنجۆکێکیان فڕێ دایە ماڵەکەیەوە، (٨) زێدی خۆی جێ هێشت و لە دانمارک گیرسایەوە.

ئایا مەلا بەختیار تیرۆرستە، یان دوژمنانی دیموکراتی و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، جنێوی پێ دەدەن و درۆی بۆ هەڵدەبەستن؟

٢٠٠١/١١/٤

سەرچاوەکان


(١) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ٢٢٦ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٢) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ٢٢٥ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٣) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ٢٨٦ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٤) محمد حاجی مەحمود. ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک ل ٦٥ و ٦٦ بەرگی یەکەم، چاپخانەی بێسارانی ١٩٩٩ سلێمانی.

(٥) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ١٣٣ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٦) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ١٣١ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٧) وتەی بەڕێز مەلا بەختیار لە ڤیستیڤالی گەلاوێژ، هەرێمی کوردستان ژ (٦٠) چوارشەممە ١٩٩٧/١١/١٩ سلێمانی.

(٨) بەدران ئەحمەد، کامیان دەیباتەوە، قەڵەمەکەی حەمە فەریق حەسەن یان نارنجۆکەکەی مەلا بەختیار؟ گولان ژ (١٥١) ١٩٩٧/١٢/١١ هەولێر.


Kurdistan.net